عەبدوڵڵا سەمەدی

# لاهووتی کرماشانی

## و ژیانێکی پڕ کارەسات


ئەبولقاسم ـی لاهووتی ( ١٩٥٦ – ١٨٨٧ )

کرماشان یەکێك لە شارە گەورەکانی کوردستانە. مێژوویەکی دێرین و پڕکارەساتی هەیە، و لە زۆربەی جموجۆڵ و ڕاپەڕینەکانی ئێرانیشدا دوری بەرچاوی گێڕاوە. بۆ وێنە، شوێنێکی گرینگی بووە لە شۆڕشی مەشرووتەی ئێراندا. ڕەنگە کەم شوێن لە کوردستان هەبێ کە تایبەتمەندیی وەکی کرماشانی تێدا بەدی بکرێ. پارێزگای کرماشان لە ڕاستیدا خۆی موزەخانەیەکی دەوڵەمەندە کە لە هەر هەنگاوێکدا شوێنەوارێکی دیرۆکی بەرامبەرت خۆ دەنوێنێ و لە کۆنترین سەردەمەکانی مێژووەوە لەگەڵت دەدوێ. ئەو پارێزگایە قوتابخانەیەکی زاراوەکانی دیالێکتی کرمانجیی باشوورە، بە دەیان لەهجە و شێوەزاری زمانی کوردی تێدا دەبیسی. خاوەنی مۆسیقایەکی ڕەسەن و دەوڵەمەندە و لە پەنا ئۆرکێستر و ئاوازە نوێیەکاندا، هۆرە و سیاچەمانەی کۆهەنساڵ هەروا درێژە بە ژیانیان دەدەن. سروشتی گەرمیان و کوێستان هەردوو بە ئاشکرا هەر یەك لە لایەك خۆ دەنوێنن. لە ڕووەکی گەرمیانی و دارخورماوە بگرە تا گژوگیای کوێستانی و دارگوێز و توو، سنەوبەر و بەڕوو وڵاتیان خەملاندووە. جگە لەمانە دەیان تیرە و هۆز و عەشیرەتی وەك جاف و گۆران و سنجاوی و کەلهوڕ و زەنگەنە و موکری و گەڵباخی و باجەلانی و کولیایی، هەر یەك بە جلوبەرگ و شێوەی ژیان و داب و نەریت و ئایین و ڕێبازگەی تایبەت و ڕەنگاوڕەنگەوە پێشانگایەکی فولکلۆرییان ساز کردووە، کە دیاردەی فەرهەنگێکی ڕەسەن و دەوڵەمەندە. پلەی بەرزی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی گشتی وای کردووە کە دەیان ئایین و ڕێبازگەی وەك: مسوڵمان ( شیعە – سوننی )، زەردەشتی، جوو، مەسیحی، ئەهلی حەق، ئێزیدی و کاکەیی، بە درێژایی مێژوو، برایانە دەرك بە دەرك ژیاون و ڕێزیان بۆ بیروڕای یەکتر داناوە و هەر دەستە لە بەڕێوەبردنی داب و نەریتی دینی خۆیدا ئازاد و سەربەخۆ بووە و چجار نەبیستراوە کە دەستدرێژی یا بێحورمەتی بە پەرستنگا و شوێنە پیرۆزەکانی تاقمێك کرابێ. ئەوە و چەندین تایبەتمەندیی تر، پێکهاتەی ئەو مەڵبەندەیە و نموونەیەکی بەرچاوی وڵاتێکی ڕەسەن و کوردانەیە بە هاوژیانییەکی تەبا و ڕەبای دروستەوە، کە ڕەنگە وێنەی لە جیهاندا زۆر کەم بێ.

١٠٣ ساڵ لەمەوبەر، خوێندنگە بە شێوەی نوێ لە کرماشان دامەزراوە و ٩٢ ساڵ لەمەوبەر چاپخانەی تێدا کەوتووەتە گەڕ و لەو کاتەوە تا ئێستا بەردەوام خاوەنی ڕۆژنامە و گۆڤاری خۆی بووە. دیارە لە مەڵبەندێکی ئاوادا، مەودای پشکووتنی بیر و ئەندێشە بەرفرەوانترە و گەلێك بیرەوەمەند و زانا و پسپۆڕ سەر هەڵدەدەن. سەدان

هونەرمەند و هۆنەر و چیرۆکنووس و نیگارکێش و خەتخۆش و نووسەر و وەرگێڕ و مۆسیقازان و دەنگخۆش، بەرهەمی ئەو بار و دۆخە لەبارەن کە لەو مەڵبەندەدا پێك هاتووە.

مێژووی ئەدەبی کوردی بە ناوی **پیرشالیاری هەورامی** و **سەید یاقۆی مایدەشتی** و **مەلا ئەحمەدی نۆدشە** و **میرزا ئەولقادری پاوەیی** و **سەید محەممەد تاهیری هاشمی** و **شامی کرماشانی** و ... ڕازاوەتەوە. مێژووی زانیارییە کۆنەکان بە **ئەبوو حەنیفەی دینەوەری** و **حافز ئەبوو حەفس عومەر قرمیسینی** و **حاجی شێخ هادی جەلیلی** و **ئەبوولعەباس ئەحمەد کوڕی محەممەد دینەوەری** و **مەلا محەممەد کوڕی سەید مێهدی جوانڕۆیی** و **ئەبوولحەسەن دینەوەری** و **مەلا عەبدوڵڵا قازی هەورامانی** و **ئەبوو ئیسحاق ئیبڕاهیم قرمیسینی** و ... فەخر دەکا. و مێژووی ئەدەبی ئێرانیش بە **عەلی محەممەدی ئەفغانی** و **عیمادەددین دەوڵەتشاهی** و **غوڵامڕەزا سەمیعی** و **حاجی نێعمەتوڵڵا جەیحوون ئابادی** و **لاری کرماشانی** و **عەلی ئەشرەف دەروێشیان** و **مەنسوور یاقووتی** و **میرزا ڕەزای کەلهوڕ** و **موعینی کرماشانی** و **محەممەدی موکری** و **ڕەشیدی یاسەمی** و ... پڕئاوازە و دەوڵەمەند بووە. ئەوانە، چ کوردی نووس، چ فارسی نووس و چ عەرەبی نووسەکان، هەموو لە ناودارانی کوردن و گەلی ئێمە پێیان سەربەرزە و شانازییان پێوە دەکا.

**ئەبوولقاسم** –ی **لاهووتی**، شاعیری فارسی وێژی کرماشانی، لە وێژەی فارسیدا ناوێکی ناسراوە و جێگەی تایبەتیی خۆی هەیە. بەڵام ژیانی پڕ لە شەڕ و کێشە و تژی لە کارەساتی سیاسی و سەربازیی لاهووتی، لە ژیانی ئەدەبی و فەرهەنگی ئەو بەرچاوتر بووە و کارێکی وای کردووە کە لە مێژووی ئێراندا لاهووتی وەکی کەسایەتییەکی ئەفسانەیی لێی بڕوانرێ و لەژێر تەم و مژێکی گومان و پرسیاردا خۆی بنوێنێ. هەرکەس لە ڕوانگەیەکەوە لێی دواوە و بۆچوونەکان زۆر جیاوازن. تەنانەت ساڵی ١٩٥٣ کتێبێکی جەعلی لە لایەن پۆلیسی نهێنی حکوومەتی ئەو سەردەمی ئێرانەوە، بە ناوی **سەربردەی ژیانی من**[1] لە زمان لاهووتییەوە بڵاوکرایەوە، کە خۆی قەڵەمی بەسەردا نەهێنابوو! ئەمەو دەیان وتار و نووسین و بیروبۆچوونی ڕەنگاوڕەنگ، تەم و مژی ئەو شك و گومانەیان لەسەر ژیان و بیروبەرژەوەندی لاهووتی خەستتر کردووە.

باشترین سەرچاوە لە بابەت لاهووتییەوە کتێبی" **کودتای لاهوتی** "[2]یە، کە بە پشتبەستن بە قەباڵە و بەڵگە کۆنەکانی دەوڵەتی و پشکنینی زانستییانەی سەرچاوەکان و وردبوونەوە لە هەڵبەست و نووسراوەکانی لاهووتی، توانیویەتی تا ڕادەیەکی زۆر ، تەم و مژەکان بڕەوێنێ و سیمایەکی واقعبینانە لەو کەسایەتییە کوردە بکێشێ. با لە دەلاقەی ئەو کتێبەوە، هەندی دەرفەتی وتارێك، لە ژیان و هەڵسووڕانی لاهووتی ئاگادار بین. هەڵبەت نە لەم ڕوانگەوە کە چالاکییە سیاسییەکانی پەسند بکەین یا ڕەدیان بکەینەوە؛ بەڵکوو تەنیا وەکی بیۆگرافییەك و کارنامەیەکی ژیان. با مێژوو خۆی لە بارەی کەسایەتی ئەوەوە حوکم بدا و بە خائین یا خزمەتکاری بناسێنێ.

ئەبوولقاسمی لاهووتی، لە ٢٠ی سپتامبری ١٨٨٧ لە کرماشان لەدایكبوو. کتێبە باوەکانی سەردەمی خۆی خوێند و لە مەکتەبخانەدا سەرەتای زانیارییە ئایینییەکانی تەواو کرد. ئەویش وەکی **میرزا ئەحمەد خانی ئیلهامی** ی باوکی، زەوقی شێعری هەبوو. بە پێی یەکێك لە پارچەکانی دیوانەکەی، دەردەکەوێ کە لە شۆڕشی مەشرووتەدا، لە ڕۆژئاوا و باکووری وڵات فەرماندەی تاقمێکی **موجاهید** بووە. ساڵی ١٩١٢ لەگەڵ **خاتوو نوسرەت ئاقئێولی**، خوشکی **فەزلوڵڵاخان** و **فەرەجوڵڵاخانی ئاقئێولی** زەماوەندی کرد. هەر لەو ساڵەدا بە ناوی **کاپیتان لاهووتی خان** سەرۆکی جەندرمەی شاری **قوم** بووە. ساڵی ١٩١٣ بە دەستلەکارکێشانەوەی **موبسیرووددەولە** لە سەرۆکایەتیی نەزمییەی قوم و پرینگانەوەی باقی ئەندامانی نەزمییە، بە هۆی نەگەیشتنی مووچە و مواجبی دەوڵەتی، ئەرکی پاراستن و

ئەهوەنیی شار، بە چەشنێکی کاتی بە لاهووتی ئەسپێردرا. ئەو ساڵە کە دەزگای جەندرمەی **ئەراك** دامەزرا، لاهووتی کرایە سەرۆکی جەندرمەی قوم و ئەراك و پلەی سەربازیشی گەیشتە **ماژوور** ی. ڕۆنانی جەندرمەی ئەراك بە مەبەستی بەربەرەکانی لەگەڵ شۆڕشی **لۆڕ** ەکانی دەڤەری **ئەراك و بروجرد** بوو. زنجیرە شەڕ و لێکدانەکانی جەندرمە و **لۆڕ**ەکان هەتا سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانی درێژەی کێشا و ماژوور لاهووتی لەم زنجیرە شەڕانەدا دەوری بەرچاوی هەبوو.

ساڵی ١٩١٤ کە "ماژوور کۆنت"ی سوئێدی و "سەیفوڵلاخانی ئەفشار" و "ماژوور حوسنوسسەلتەنەی شقاقی" لە شەڕێکی دەڤەری **ساوە** و **زەرەند** کوژران، لاهووتی کەوتە بەر گومان و فەرمانی گرتن و سزادانی بۆ دەرچوو. ناچار خۆی دەرباز کرد. لەو ماوەیەدا لە کرماشان دەستی کرد بە چالاکیی فەرهەنگی و بە هاوکاریی "فەرەجوڵلا کاویانی" ڕۆژنامەی **بیستوون**[٢]ی دەرکرد.

لە ئاخروئۆخری شەڕی یەکەمی جیهانیدا، لاهووتی لەگەڵ کۆمەڵێك لە پەنابەرانی ئێرانی، لە ئەستەمبووڵ دەژیا. ساڵی ١٩١٨ بە یارمەتیی ماڵیی هەندێك لە ئێرانییەکان، پەرتووکخانەیەکی لەو شارە کردەوە و ڕووی کردە چالاکیی ئەدەبی و ڕۆژنامەگەری و بەهاری ١٩٢١ بە هاوکاریی "حەسەن موقەددەم" چەند ژمارەی گۆڤاری ئەدەبیی **پارس** دەرکرد.

هەر لە هەمان ساڵدا، **سمایلئاغای سمکۆ** هێرشی کردە سەر مەهاباد. بەشێك لە هێزەکانی جەندرمە، بە سەرۆکایەتیی **ماژوور حەسەنخانی مەلیکزادە** لەو شارە جێگیر ببوون. لەو حەیسوبەیسەدا، ڕۆژی ١١ ی ڕەزبەری ١٣٠٠(= ٤ ی ئۆکتۆبەری ١٩٢١)، لاهووتی کە بە چەشنێکی نهێنی لە تورکیاوە گەڕابۆوە ئێران، هاتە مەهاباد و پێوەندی بە ماژوور مەلیکزادەوە گرت. مەلیکزادە کە بە دیتنی لاهووتی سەری سوڕمابوو، داوای لێبوردنی بۆ لە والیی ئازەربایجان خواست. والی بە هۆی ناسك بوونی بارودۆخەکە و هەروەها پێویستی بە کەسانێکی لێهاتوو و زیرەکی وەك لاهووتی لە کاتێکی وەها ئەستەمدا، داواکەی مەلیکزادەی پەسند کرد.

دەوڵەت جگە لەو هێزە جەندرمەیە، بەرەیەکی بەربلاو و تەیاریشی لە **قەزاق** و هێزەچەکدارەکانی عەشیرەتی ناوچە، لە مەهاباد پێك هێنابوو. لە کاتێکدا هێزەکانی دەوڵەت خۆیان بۆ هێرشێکی بەربلاو ئامادە دەکرد، سمایلئاغا دەستی خۆی ڕەپێشخست و سەرلەبەیانی ١٢ ی ڕەزبەر(= ٥ ی ئۆکتۆبەر)، هێرشێکی ناغافڵ و کاریگەری کردە سەر هێزەکانی دەوڵەت و بە توندی تێکی شکاندن. لە گەرمەی شەڕەکەدا، لاهووتی خۆی گەیاندە **داشامەجید** و پێوەندی لەگەڵ چەکدارەکانی ئەوێ گرت و لە بارودۆخەکەی تێگەیاندن و بەرەو میاندواو وەرێ کەوت و خۆی گەیاندە تەورێز. لەوێ داوای لێبوردنی لە **موخبیروسسەلتەنە** خواست و بەخشرا و بە پێی فەرمانی وەزارەتی جەنگ، لە سەرەتای سەرماوەزی ١٣٠٠(= ٢٣ ی نوامبەری ١٩٢١)، سەرلەنوێ بە پلەی ماژووری گەڕایەوە ڕیزی جەندرمە و کرایە جێگری "ماژوور مەحموودخانی پولادین".

پاشی ئەم ڕووداوە، جارێکی تر لە بەرەی **خۆی** دەکەوێتەوە بەربەرەکانی سمایلئاغای سمکۆ. بەڵام ئەمجارەش هێزی جەندرمە خراپتر لە شەڕی مەهاباد تێكدەشکێن و لە باڵیەکتر هەڵدەوەشێن. شکستە یەك لە دوای یەکەکانی هێزی جەندرمە و بەفر و سەرما و سەغڵەتیی زستانی ئەو ساڵە و وەدرەنگی کەوتنی چەند مانگەی جیرە و مواجبی چەکدارەکان، بووبە هۆی نافەرمانی کردنی جەندرمەکان. جگە لەوە، دەرچوونی فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی هێزی جەندرمە و تێکەڵ کردنیان بە سپای قەزاقەوە لە لایەن سەردار سپە [= ڕەزا خان]، بەجارێك بڵێسەی ئاگری ئەو نافەرمانی و سەرەڕۆییەی بەرز کردەوە ، تا ڕادەیەك کە هێزە بڵاوەکان، یەکیان گرتەوە و بڕیاریان دا لە

هێرشێکی کوتوپڕدا تەورێز بگرن و پاشان ڕووبکەنە تارانی پێتەخت. ئەفسەرانی جەندرمە، بە تێگرای دەنگ، لاهووتییان بە سەرۆکی خۆیان هەڵبژارد. هەوەڵ هەنگاو، لە ١٠ی ڕێبەندانی ١٣٠٠(= ٣٠ ژانویەی ١٩٢٢)، ماژوور **مەحموودخانی پولادین** و ئاجودانەکەیان دەستگیر کرد و بە دوای ئەودا حاکمی **شەرەفخانە**شیان گرت و هەرسێکیان بەند کردن و پاشان بەرەو تەورێزیان ئاژۆت. لە درێژەی ڕێگادا هێڵەکانی پێوەندییان هەڵبڕی و سیمەکانی تەلگرافیان پچڕی و بەو جۆرە سەرلەبەیانیی ١٢ ی ڕێبەندان(= ١ ی فێبریە)، بە پێنسەد تا شەشسەد سوارەوە گەیشتنە تەورێز. ژمارەی هێزەکانی دەوڵەتی لە تەورێز نزیکەی سێسەدوپەنجا کەس دەبوو. هەروەها بەشێکیش لە سوارەکانی **خالۆ قوربانی هەرسینی** کە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ سمکۆوە هاتبوونە ئەم ناوچەیە و لە مەهاباد و تەورێز جێگیر کرابوون، لە نێوشاردا بوون. گرتنی تەورێز هێندی نەخایاند. بە تایبەت کە ئەم بەشە لە سوارەکانی خالۆقوربان هاتنە ڕیزی جەندرمە، تەورێز بە تەواوی کەوتە دەستی شۆڕشییەکان.

لاپەڕەکانی ئاگاداریی نیزامی لە لایەن لاهووتییەوە لێکدا کێکدا بە سەر شاردا بڵاودەکرانەوە، لەم ئاگادارییانەدا لاهووتی خەڵکی دڵنیا دەکرد و سپای قەزاقی هاندەدا کە بێنە ڕیزی فیداکارانی نیشتمان و بۆ ئازادیی وڵاتەکەیان تێبکۆشن. بە تەدبیروڕا و دیسیپلینی پتەوەی لاهووتی، بارودۆخی تەورێز زۆر ئاسایی بوو و هیچ ڕووداو و کارەساتێکی نالەبار ڕووی نەدا. لاهووتی لە ئاگادارییەکانی خۆیدا، بە تایبەت هەڕەشەی لە هێزەکانی خۆی دەکرد و پێی دادەگرت کە؛ هەرچەشنە دەستدرێژی کردنێك بۆ سەر گیان و ماڵ و نامووسی خەڵك، سزاکەی گوللەباران کردنە. ئاگادارییەکانی لاهووتی بەم ڕستەیە کۆتاییان پێدەهات:" **بژی ئازادی و سەربەخۆیی** ".

لاهووتی خۆی تەیار دەکرد کە هەرچی زووتر ڕوو بکاتە تاران. بۆ ئەم هەنگاوەش هیوایەکی زۆری بە هێزی جەندرمەی **پارێزگای کوردستان** و شاری **خۆی** هەبوو. ڕەزاخان هەر لە هەوەڵەوە بڕیاری لەسەر هێرشی سەربازی بوو، و ڕێگای بە هیچ چەشنە وتووێژ و جووڵانەوەیەکی دیپلۆماتی نەدەدا. لە لایەك فەرمانی دەرکرد کە چەکدارەکانی خالۆ قوربان لە مەهابادەوە وەڕێ کەون و تێکەڵ بە سپای میاندواو بن، و لە لایەکی تریشەوە هێزەکانی قەزاقی بەرەو تەورێز ڕەوانە کرد. سەرجەمی ئەو هێزانە لە ١٥ ی ڕێبەندان(= ٤ ی فێبرییە)، خۆیان گەیاندە تەورێز. لە شازدەی ڕێبەندان، لاهووتی لە برووسکەیەکدا بۆ سەردار سپە، لێی ویست کە داوخوازییەکانیان وەبەرچاو بگرێ و وتووێژیان لەگەڵ بکا، بەڵام ئەم برووسکەیە لە لایەن ڕەزاخانەوە بێوەڵام مایەوە.

کاتێك لاهووتی لە جموجۆڵی هێزە سەربازییەکان ئاگادار بوو و لە نیازی دەوڵەت گەیشت، بە زیپكوزاکونێکی پتەوەوە جووڵایەوە و کاربەدەستە گەورەکانی دەوڵەتی لە تەورێز بە بارمتە گرت و هەموو دایرە و ناوەندە دەوڵەتییەکانی بەردەست کرد. هەروەها هەڕەشەی کرد؛ ئەگەر بێتو لێبڕاو بێ تەورێز بەجێبهێڵێ، هەموو عەمبارە تەقەمەنییەکان دەتەقێنێتەوە.

سەعات شەشی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممۆ، ١٩ی ڕێبەندان(= ٨ ی فێبرییە)، شەڕ لە نێوان شۆڕشییەکان و هێزەکانی دەوڵەت دەستی پێکرد. هەرچەند لە سەرەتاوە سەرکەوتن بە شۆڕشییەکان بوو، بەلام ورده ورده سەرکەوتنی هێزەکانی دەوڵەت بەرچاوتر بوو، تا وایلێهات کە ٥ سەعات لە شەوی ٢٠ی ڕێبەندان تێپەڕیبوو کە تەورێز بە تەواوی کەوتە دەستی دەوڵەت.

لاهووتی بە ١٢٠ سوارەوە تەورێزی بەجێهێشت و یەکڕاست ڕووی کردە **جولفا** و لە چۆمی **ئاراز** پەڕییەوە و بە پەنابەری چوو لە خاکی سۆڤیەتەوە.

زۆر جار گرتنەوەی شارێك لە لایەن دەوڵەتەوە، بووەتە هۆی سەقامگیربوونەوەی ئەهوەنی و ئارامی. بەڵام ئەمجارە پێچەوانە بوو! بە گرتنەوەی تەورێز، ئەهوەنی و ڕێكوپێكییەكی لە كاتی دەسەڵاتی لاهووتیدا لە تەورێز بەدیهاتبوو، جێگەی دایە ئانارشیزمێكی تەواو عەیار، بە چەشنێك كە لە شەڕ و پێكادانەكانی شۆڕشی مەشرووتەدا لە تەورێز، شتی وا نەدیترابوو. لە هەوەڵ سەعاتەكانی گرتنەوەی تەورێزدا، تەواوی ئەو جەندرمانەی خۆیان تەسلیمی دەوڵەت كردبۆوە، گوللەباران كران. هەر پێبەپێی گرتنەوەی تەورێز، قەزاقەكان و هێزە چەكدارەكانی ناوچە، وەكی وڵاتێكی بێگانەیان لە شەڕدا گرتبێ، دەستیان كرد بە تاڵان و بڕۆ و چەپاوی بازاڕ و تیمچە و كاروانسەراكان؛ دەركی ماڵ و دوكانان دەشكان و هیچكەس لە خۆی دڵنیا نەبوو. هەروەها بارودۆخێكی لەبار هەڵكەوتبوو بۆ پاككردنی وردە حیسابی كەسی و دژایەتییەكانی سیاسی. ژمارەیەكی زۆر لە پیاوماقووڵانی تەورێز لە زیندان توند كران و كەوتنە بەر ئازار و ئەشكەنجە و زۆر كەس بە بێتاوان ئێعدام كران. سەیر ئەوە بوو كە لە ئاگادارییەكانی دەوڵەتیدا، ئەم تاڵان و كوشتوكوشتارەیان دەخستە پاڵ تاوانەكانی « **متمرّدین/سەربزێوان** »! بەڵام لە ڕاستیدا ئەوانەی بە تاوانبار دەزانران، هەڵاتن و ئەوانەی بێتاوان بوون، سزا دران.

دەوڵەتی ئێران تا ماوەیەكی زۆر لە لایەن باڵوێزخانەكانییەوە، لە چالاكیی ئەوە دابوو لاهووتی بگەڕێنێتەوە ئێران، بەڵام سەرنەكەوت، تا ئەو ساڵە كە **موسەددیقولسەلتەنە**( د. محەممەدی موسەدیق) كرایە والی ئازەربایجان و لێبووردنی گشتی ڕاگەیەندرا و ژمارەیەكی زۆر لە پەنابەرەكان گەڕانەوە تەورێز و دەنگ و باسەكان كۆتاییان هات. بەڵام لاهووتی لە سۆڤیەت مایەوە و لێهاتوویی خۆی لە بوارەكانی وێژەیی و چاندی نیشان دا و لە دامەزراندنی ژیانی سیاسی و فەرهەنگی كۆماری تازە پێگرتووی **تاجیكستان** دا دەستێكی كاریگەری هەبوو، و هەر لەو كۆمارەدا توانی بە پلەی ژووروو بگات. بە تایبەت لە ماوەیەكدا كە " وەزیری پەروەردە " بوو توانی هەنگاوی گەورە لە زانكۆكانی تاجیكستان باوێژێ. بەڵام لە سەرەتای چلەكانی زایینیدا، لاهووتی كەوتە بەر زەبری ململانێ و ئاڵوگۆڕەكانی ناوخۆی حیزبی كۆمۆنیست و ناچار بوو تاجیكستان بەجێبهێڵێ و ڕوو بكاتە مۆسكۆ و تا دوایی تەمەن( ١٩٥٦ )، لە بێدەنگی و گۆشەگیریدا بمێنێتەوە.

وەك دیتمان، لاهووتی پیاوێكی لێهاتوو و ماندوویینەناس بوو، كەچی چ لە باری ڕۆشنبیری و چ لە باری ڕامیارییەوە هیچ سوودێكی بۆ نەتەوەكەی خۆی نەبوو. بەڵكوو خزمەتكارێكی گەورەی بێگانە بوو. بەڵام سووكە ئاوڕێك لە ژیانی ئەو، لە دوو ڕوانگەوە ناپێویست نەبوو؛ یەكەم: نیشاندانی لێهاتوویییەكانی گەلی كورد، دووهەم: ساغكردنەوەی هەندێ گۆشەو كەلێنی مێژووی ناوچەكە.

★ ★ ★



**نامەیەکی ئەبولقاسمی لاهووتی، بە دەسخەتی خۆی، بۆ غوڵامڕەزا پوورئازەر ( ڕەزا ساسان ).**

**ڕەزا ساسان لە کاتێکی پێویستدا پوڵی بۆ لاهووتی ناردووە؛ ئەویش بەم نامەیە سپاسی لێکردووە. بەڵام ڕەزا ساسان ئەوەند دۆستێکی بە ئەمەگ بووە کە لە هەر کوێدا لاهووتی باسی پوڵی کردووە، ئەویش ڕەشی کردووەتەوە و بە شیاوی باسی نەزانیوە.**

## ***پەراوێزەکان***

**١- ابوالقاسم لاهوتی، شرح زندگانی من، ماشین چاپ(الکتریک)، امپراطوری، گندیراود، بیتا.**

**٢- کاوۀ بیات، کودتای لاهوتی، مجموعۀ تاریخ معاصر ایران – ۶، نشر پژوهش شیرازه، چاپ اول، تهران، ۱۳۷۶.**

[٣]- ڕۆژنامەی بێستوون، ساڵی ١٢٩٦ی هەتاوی(١٩١٧) لە کرماشان دەرچوو. ڕێبازەکەی دژ بە ملهوڕانی " اعتدالیون " و لایەنگری لە ئازادیخوازان بوو. توند و بێپەروا هەڵوێستی دەگرت و وتاری کاریگەری بڵاو دەکردەوە. تا ١٢ ژمارە بەردەوام بوو و پاشان کەوتە بەر شاڵاوی دوژمنانی ئازادی و وێستا. لاهووتی لە کرماشان ڕایکرد و ساڵێك دوای ئەو، سەرلەنوێ لە لایەن **ئەحمەد عەلی شەیبانی** یەوە، خولی دوویەمی دەستپێکرد و ٩ ژمارەی لێ دەرچوو. بەم جۆرە چەند جاری تر داخرا و کەوتەوەگەڕ، تا لە ١٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٧ی هەتاوی(= ٥ ی فێبریەی ١٩٥٠)، بە یەکجاری بەسترا و کۆتایی بە ژیانی هات.